# چی له  هه لبژاردن فێر بوم ؟



بۆ ئه وه ی وه کوو به ڕێز... توشی، هه له ی زمانه وانی یا هه له ی
نه فامی نه بم ، هه لبژاردنه که ی سالی 1992 ی کوردستان به یه ك
لێ دوان ئفليج نه که م و بلێم ئه مه یه که م هه لبژاردنی ئازاده
تێیدا به شداری ده که م.

ده بێ بلێم له دوه م هه لبژاردنی ئازاد و یه که م هه لبژاردنی سه رتاسه ریی
عێراقی ئازاددا چی فێر بوم؟

هه ر چه نده  ته مه نی هه لبژاردنه که له کوردستان و عێراق به یه ك رۆژ
دیاری ده کرێ به لام بۆ ئێمه ی ئاواره و په راگه نده له هه فته یه ك که متر نه
بوو، به لای که میشه وه ده بوایه له دوو جار که متر نه چیت بۆ بنکه ی هه
لبژاردن (جارێك بۆ ناونوسین و جارێك بۆ کۆنترۆل کردنی ناوه که ت و جارێکیش
بۆ ده نگدان).

له م هه فته یه دا مێژو یه کی بچوککراوه و دونیاو وولاتێکی بچوککراوه خرایه به
رده م هه ر هاووڵاتی یه ك که تیایدا خۆی  وڕۆلی خۆی به دی بکات.

من یه کێك بوم له و هه زارانه ی که تادوا ڕۆژی ده نگدان خۆمم پێ ساغ ویه کلا
نه ده کرایه وه ،توانای وه لامی ئه و هه مووپرسیارانه م نه بو که له مێشکم دا
گیریان خواردبوو ده خولانه وه، په نام بۆ ئه م و ئه و ده برد سودێکی ئه وتۆی نه
بوکه وه لامێکی پڕ به پێستم بداته وه .

ئه وه تا هه ندێکیان تا ئێستا هه ربه تازه یی بێ وه لام ماونه ته وه ، دوای
مشتوو مڕو دانوستانێکی چه ند هه فته یی که وتمه بڕیاری ئه وه ی گه ر بۆ دۆزه
خیش بێ مرۆڤ خۆی له زۆرینه ڕه های میلله ته که ی خۆی جیا نه کاته وه ، گه ر
له به ر خۆشم نه بێ له به ر مندال و که س کارو ده ورو به رم بێ. ناچار بڕوام به
ووته یه هێنا که ده لێ( کرده ی په شیمان باشتره له نه کرده ی په شیمان ).

به پێویست ده زانم که له دوای هه لبژاردن ئه نجامه که ی هه لسه نگێنم له ده
رئه نجامه که ی وورد ببمه وه تابزانم تاچ ئاستێك له کرده مان په شیمان یا
دلخۆش بوم

سه ره تا هه لسه نگاندنمان بۆ پرۆسه که ی ده ره وه ی وولات ئه وه یه که من
پێم وایه که تاکه بزوێنه ر له ده ره وه ی وولات بتوانێ کارت تێ بکاو بت
خرۆشێنێ هه ستی نه ته وایه تی ونیشتمان په روه رییه .

مرۆڤ کاتێك نیشتمانه که ی جێهێشتوه به نیمچه کاول وزۆربه ی خه لك برسی
وکه م ده رامه تی  جێهێشتوه،  ئه م تابلۆیه وابه ئاسانی له به ر چاوان وون نابێ
له هه ر خۆشی یه ك دابیت وێنه ی ئه م تابلۆیه به دواته وه یه ،کاتێك گوێ

بیستی بانگه وازی وولات ده بیت که م ده رون هه ن بتوانن دان به خۆیانه وه بگرن به پیر ئه م بانگه وازه وه نه چن گه ر سه یرکه ین له خۆپیشاندان و گرد بونه وه ی خه لك له بۆ نه نه ته وایه تیه کاندا که سی وا به دی ده که ین که له کوردستان ئاماده نه بوه ته نها دلۆپێ ئاره قه ش بۆ کوردستان بڕێژێ نه ك خوێن.

چی واله و خه لکه ده کات له ئاواره یی کورد په روه رونیشتمان په روه ر بێت؟

دیاره له ده ره وه کاتێك بۆ هه رفه رمانگه یه ك بچیت به ر له وه ی له ناوت پرسیار بکه ن ڕاسته وخۆ پرسیار له ناوی وولاته که ت ده که ن ، بۆ ئێمه ی کورد ئه م پرسیاره ی ئه وان له پرسیاری تاقی کردنه وه ی بکالۆریا ی لای خۆمان گه لێ قورستره به لکو هه ست بریندارکه ریشه . ده پرسین ده لێین بۆ؟

له قوتابخانه کاتێك وه لامی پرسیارێك ناده یته وه دیاره که نایزانی،له گه ل نه زانینیشدا چی ده کرێ! به لام بۆ وه لامی ئه م پرسیاره ی کارمه ندان یا هاولاتیانی ئه م وولاتانه سه ر ئێشه ت بۆ دروست ده بێ، چۆن: تۆ وه لامی پرسیاری به رامبه رت چاك ده زانی به لام وه لامه که ی به شه رمه زاری و هه ست به گوناهه وه ده ده یته وه ، ئه گه ر بلێیت نایزانم ئه وا ده بێته نیشانه ی ده به نگی و نه فامی.

من هیچ کاتێك ئاماده نیم به بڕواوه بلێم من عێراقیم ئه م پرسیاره ی ئه وان وام لێده کات یه که م جارو دوه م جار هه ربلێم من کوردم ،یا بلێم من خه لکی کوردستانم . ئه ویش ناهه قی نیه بلێت کوردستان یانی کوێ ؟

من ده بێ خۆم له گێلی بده م گوایه وا هاته گوێم که ده لێ کوردستانی کوێ! یه کسه ر ده لێم : کوردستانی عێراق.

دوباره ده کاته وه ده لێ : عێراقیت؟

ده لێم به لێ کوردستانی عێراق!

بۆجاری سێیه م وبۆ مسۆگه ر کردن له وه لامه که م ده لێ:عێراق، وانیه؟

بۆ ئه وه ی ئه و دیالۆگه کۆتایی پێ بێ و چیتر ئه م پرسیاره دوباره و سێباره نه بێته وه له کورتی یه وه ببرێته وه ، ده لێم : به لێ.

ئه م کارو هه لوێسته هه فتانه چه ندین جار ڕو به ڕوی هه مو خێزانێك ده بێته وه.

کاتێك بڕیاری به شدار بونم دا و چونه وه م بۆ ژێر ئالای سێ ئه ستێره و الله اکبر که ی به عس بۆ یه که م جاربو له ژیانمدا هه ستم به خیانه ت کرد ،خۆم پێ نه گیرا له وه لامی به خێرهاتنی دۆستێکم به ده نگی به رزه وه هاوارم کرد ، خۆشبی برام سوپاست ده که م ئه وا منیش هاتوم نوێژی جو بکه م ، ئه وه نیه هاتومه ته (مونه زه مه ی به عس) له گه ل ریزم بۆ بۆچون ی ئه وکوره دلسۆزانه ی له وێ کاریان ده کرد .

له گه ل ئه وه شدا تا ئێستا من له چونه كه م په شیمان نیم هه رچون باشتر بو له نه چون ، له چونه كه ش باشتر ئه وه بو له بنه ڕه تدا ئه م پرۆسه یه نه كرابا ،تا جارێكی تر ئه مجاره یان به ئیمزاو ڕه نجی خۆمان بڕیاری زینده به چالی خۆمان ده رنه كه ین هه ر وه كو كردمان، به ده ستی خۆشمان قه فه زبۆخۆمان دروست كه ین و به پای خۆمان بچینه ناویه وه.

ئه وه ی لێی فێربوم و بڕواشم پێی بو كه كورد به هه ر شێوه یه ك و هه ر چۆنێكی به یه ك بانگه واز بڕژێته سه ر شه قامه كان به مانای یه كگرتن ته واوده بێ و سه رچاوه شی له هۆشیاری وهاو بیری یه وه وه رده گرێت. هه مو یه كگرتنێكی كوردیش بێگومان پیلانێكی دوژمنی پێ هه لده وه ،شێته وه و خه ونه نه زۆكو خه یاله خاوه كانیان تێك ده شكێنێ كه ده بێته تۆقانو له ناوچونیان ئاواره ی كوردیش پتر لای یه ك خۆشه ویستتر و به ڕێز تر ده بن .

شتێكی تر كه لێیی فێر بوم ئه وه یه گومانم له وه دانیه كه بلێم ،عه ره ب هه ر عه ره به هه رچه نده ئاستی ووشیاریی به رزتر بێ ئه وه نده ئاستی ڕق و كینه ی به رامبه ر به كورد له گه لی به رز ده بێته وه.

شتێكی تر كه له م هه لبژاردنه فێربوم، بڕوابونم به وه ی چه ند هه نگاو له عێراق بچینه پێش ئه وه نده هه نگاویش له پارچه كانی تری كوردستان وه دور ده كه وینه وه .

ئه مانه و گه لێ وانه ی تر له م هه لبژاردنه فێربوین ، به لام بابزانین چی له هه لبژاردنه كانی ناوه وه ی كوردستان فێربوین؟

من نامه وێ باس له كاره هونه ری و ته كنیكی یه كانی هه لبژاردن بكه م چونكه ئه م بابه ته بسپۆری خۆی هه یه .

ئه وه ی وه كو ئه زمون له پرۆسه ی هه لبژاردن به جیاوازی پێكردن له گه ل هه ردو هه لبژاردنه كه ی سالی 1992 و ئیم سالدا . گه لێ شت به دی ده كرا كه نیشانه ی ئه وه به خۆوه هه لده گرت كه ئێمه میلله تێكین ڕوه و دیموكراتیه ت هه نگاو ده نێین به هاو زه مان له گه ل پاراستنی چه ند دیارده یه كی خێله كی له پراكتیزه كردن و پیاده كردنی سه ره تاكانی دیموكراتیه ت كه ئیمرۆ پێ ده نێینه پایه سه ره تاییه كانی په یژه كه وه .

به هۆی سیاسه تی (توافق) كه شه رعیه تی خۆی ته نها له وه وه ده ست دێنێ كاتێك به ناوی سه رجه م میلله ته كه ته وه دان وستان له گه ل كاربه ده ستانی وولاتانی دراو سێ یا له گه ل داگیر كه رانی وولاته كه تدا بكه یت ئه م مه بده ئه ده كرێ ته نها له م مه جاله دا پیاده ی كه یت ، به لام بۆ كاری حزبیی نێوان دوو حزبی هاو ده سه لات پیاده كردنی ئه م مه بده ئه به زه ره ری جه ماوه ر ته واو ده بێ .

ماوه ی 13 سال كوردستان به شێوه چاره ی( توافق )به رێكرا ئه نجام و ئاكامه كه ی له هه موان رون ودياره .

كارێكی باش كرا ئه م جاره يان خه لكی بۆ ده نگدان له سه ر ئاستی پارێزگاكان به ره و سه ندوقه كان چون تا ده نگ به حزبه كان بده ن، به لام بريا پارتی ديموكراتی كوردستانيش بۆ ئه م مه سه له يه به ته نيا و به بێ هاوپه يمانێتی حزبه كوردستانيه كانی تر كانديد ده كرا .له م حاله ته دا له مه رگه سات و سياسه تی (توافق) ڕزگاريمان ده بوو .

ئه مه يان مه سه له يه ك، مه سه له يه كی تر كه تيايدا ده وری تاكه كه س وون نابێ ئه وه بوو بريا خه لكی له ته ك ده نگدان به حزبه كه ی ده نگی بۆ كه سی كانديدكراويش بدابا ، له م حاله ته شدا چالاكی و ده وری تاك له كۆمه ل دا ديارو به رچاوتر ده بوو.

ئه مه و چه ندين كه مو كوريی تر كه ده كرێ بۆ داهاتوو كه لكيان لێ وه ربگيرێت.

خاليد هه ركی هۆله ندا 05-02-10

khalidherki@chello.nl

www.serben.com